www.kurdistannet.org
19/06/2002 23:52

# پشیلەیەکی گەورەو قورئان

تەها ئەمین هەڵەدنی

سەلام کوڕی سیاسەتمەداری کورد، بەهادین نوری لە زیندان لەدیک دەبێ؛لە زیندانیش زمانی دەپژمێ؛ جیهانی سەلام دیاردەکانی زیندانوو دەوروبەرەکەیەتی.

سەلامی زیندانی نوگرەسەلمان هەروەک کاسێتێکی ڤیدیێۆ هەرهێندە نیشان دەدا کە لەسەری چاپکراوە.

واتە:ئەگەر وێنەی ئەسپی تێدا چاپ نەکرابێ، هەرگیز وێنەی ئەسپی تێدا نابینین.

ئاساییە سەلامی پێنجساڵانەی زیندانی پشیلە و کۆتر ، زیندانی، چاودێری زیندان، چاوپێکەوتنی خزموو دۆست لە کاتی دیاری کراودا دیبێ.

بەڵام کە لەپڕ ڕێکەوتی دیاردەیەکی نوێ بکا، ئاساییە کە نەزانێ ئەو دیاردە نوێیە چی یە!

ڕۆژێک چاودێرەکان بە گوێدرێژ کەرەستەکانیان دەگەیەنیە زیندان، ڕەنگە ماشێنیان دەست نەکەوتبێ، یان ڕەنگە ماشێنەکەیان شکا بێ!

کاتێ سەلام بۆیەکەم جار گوێدرێژ دەبینێ، بە حەپەسانەوە هاوار دەکا:ئای لەو پشیلە گەورە!

کاتێ ژنە زیدانیەکان لە هاواری سەلام بە ئاگا دێن، دەچن بە دەم هاواریەوە.

سلام گیان:ئەوە پشیلە نیە!

- ئەی چیە کۆترە!؟!

سەلامی مێرمنداڵ تەنها پشیلەو کۆتری دیوە، ئاساییە گوێدرێژ بە پشیلەی گەورە ، یا کۆترتێبگا.

خەریکە دەوێرم بپرسم، تەنها پرسیار بکەم کە محەمەدی کوڕی عبدوڵاش کاتێ دەستی کرد بە نوسینەوەی قورئان تەنها ئەو شتانەی باسکردوە کە دیونی ، بیستونی یا دەماو دەم نەوە بۆ نەوەکانی تریان گێڕاوەتەوە.

مانگا، ئەستێرە، ژن، سەربڕین، کوشتن، تاڵانی، نان، جۆگەلەی شەراب ووشتر!

ئەگەر قورئان خوا ناردویە کوا ئایەی داینەسۆر، کوا ئایەی مامووت؟!

بۆ تەماشای ووشتر ناکەن چۆن ئافەرێنراوە، قوران؟

مەگەر داینەسۆرێ بارتەقای ٢٠٠ ووشتر نابێ!

داینەسۆر لەبەر گەورەیی قەبارەی گرنگترین گیاندارە؛تائێستا مرۆڤ لە داینەسۆر قەبارە گەورتری نەدۆزیوەتەوە!

داینەسۆرکان پێش ٦٥ ملێۆن ساڵ بەهۆی کەوتنە خوارەوەی تەنێکی گەورەی لە دەرەوەی زەوی هاتوو، لەناوچوون، تەنە نامۆکە بۆتە هۆی ئاگرکەوتنەوەیەکی گەورە ، کە بۆتە هۆی گۆڕنی گازەکانی زەمین و قڕانی داینەسۆرەکان.

لەبەرئەوەی محەمەد شارەزایی لە ئەرکرلۆگیدا نەبوە، دەنا ئایەیەکی ناو دەنا داینەسۆر!

کریستینا تیۆلۆگێکی فینلەندی ئەڵێ:ئیسلامەکان درێژدادڕن، دەتوانن چەند هەفتەیە لەسەر ووشەی نا بدوێن لە کەشی دیموکراتیدا!

www.kurdistannet.org
19/06/2002 23:52

ئایەی فاتیحا سەرجەم سۆپاسوو ستایشی خوایە، کە خودی ئایەی فاتیحا بەڵگەیە کە خودی محەمەدە دەدوێ، چونکە نەگونجاوە خوا سوپاسی خۆی بکا، گەر وانیە بۆ لە سورەی کافیرون ئەڵێ :بڵێ ئەی بێ باوەڕان.

کریستنا ڕاستی ووت ئبن کەسیر زیاتر لە ٥٠ لاپەڕەی نوسیوە تەنها بۆ سورەی فاتحا!!

کاتێ جوولەکەکان لە محەمەد هاتنەدەنگ ووتیان:ئەو قورئانەی محەمەد باسی دەکا ڕستەکانی دژی یەکن، یان کۆپی داستانە کۆنەکانن.

محەمەد لەدژی جوولەکان ووتی:ئایەکان کۆپینین، لەبیریشیان ناکەین، بڵکوو ئایەی باشتر دێنینەوە بقەرە ١٠٦.

کاتێ دۆلیوو پۆلیان کۆپی کرد، خێرا سادق جعفر ئەلحەسەن پەڕتووکێکی بە چاپ گەیاند گوایە قورئان باسی کۆپی کردنی کردوە، کۆپی کردنی مەڕ تابوو نیە!!

ئیتر کەر لە کۆێ کەوتوەو کونە لە کوێ دڕاوە.

١بیرەوەریەکانی بەهادین نوری.

٢ ماموت جۆرێکە لە فیل کە ئەویش قڕانی تێکەوتوە، ٩٧ لە سیبیریا دانەیەکیان بەبستووی دۆزیەوە، لە زۆربەی تێڤیەکانی جیهان باسی لێوەکرا.

دۆلی و پۆلی دوو بەرخی کۆپی کراون.

سوید١٩-٦-٢٠٠٢